

# کێ ئەو کارەی لەگەڵ (بەناز) کرد؟

**راپێچ کردنی (رێکان) بۆ لێکۆڵینەوە**

ئێوارەکەی لە ماڵی (بەناز) هەراو فەرتەنەیەك بوو نەبێتەوە، ئاخر زۆر ئەستەم بوو (عەباس) ئەو سەرشۆڕییە قبوڵ بکات.. چۆن دەبێ کچەکەی جارێ هەڤدە ساڵانە کەچی ئەو کارەی کردبێ، یا لەگەڵیدا کرابێ، دەستی دایە سۆندەیەك و کردییە دوو قەت چووە ژوورەکەیان و دەرگاکەی لە ژوورەوە شیشدا و (بەناز) چووە پێشەوە، یەکەم پرسیاری ئەوە بوو : کێ وایلێکردی؟ (بەناز) بە زمانێکی پاڕانەوە گوتی: نازانم( عەباس)ی باوکی سۆندەیەکی خێواندە ناو شانی، (بەناز) دەستی بڵندکرد و ئاخێکی لە دەم هاتە دەرەوە، بەڵام ناوی کەسی نەگوت، یەکێکی دیکەی لە ڕانی دا، یەکێکی دیکەی لەسەردا ژانی لەشی (بەناز) دەستیپێکرد نوزانەوە و ناڵانەوەی بەرزبۆوە.

پرسیارەکانی لێدەکردەوە و ئەویش وەك بڵێی لاڵ بوویێت وەڵامی نەبوو، کە وەڵامی نەدەدایەوە، (عەباس)ی باوکی هێندەی دیکە شتێگیر دەبوو، هاواری دەکرد و لێیدەپرسی: کچێ پێمبڵێ کێ وایلێکردی، بۆ قسە ناکەی، خودا دەزانێ هەتا ناویم پێنەڵێی وازت لێناهێنم، یان بە لێدان دەتکوژم یان دەبێ ناوەکەیم پێبڵێی (بەناز) هەر دەگریا و دەنوزایەوە، (بڵێ ئاخر بۆ قسە ناکەی، دەمت وا بۆتە تەڵەی تەقیوو..).

ئەمە ئەو گلەییە بوو کە (بەناز) لە دڵی خۆیدا بە خۆی گوت، باوکی قژی راکێشا و خستییە سەر زەوییەکە، چوار پێنج گورزی توندی بە سۆندەکە خێواندە پشتی، کچەش، دەگریا و دەپاڕایەوە، (مەعسومە)ی ژنی (عەباس) ئەگەر چی زڕدایکی (بەناز) یش بووە بەڵام سکی پێیدەسووتا و لە پشت دەرگاکە وەستابوو، بە زمانێکی نەرم و پاڕانەوە، داوای لە (عەباس) دەکرد کە دەست لە لێدانی ئەو کچە هەڵبگرێت دەمی کەفی کردبوو، ئارەقەیەکی سارد نیشتبووە سەر نێوچەوانی و لێوی سەرەوەی ، کچە قسە ناکات و ئەمیش خەریکە دڵی دەتەقێ و نازانی کێ وایلێکردووە. ئەمجارە لەسەر سك درێژی کرد و پێیەکی خستە سەر پشتی ملی و کەوتە لێدانی، نێزیکەی شەش سۆندەی لێدا و (بەناز) هاواری کرد، توخوا بابە بەس لێمدە ناوەکەیت پێدەڵێم(عەباس) دەستی لە لێدانی هەڵگرت و پێی لەسەر پشتی ملی لادا، کچە هەندێك پشی خواردەوە و هەناسەیەکی بە قوڵی هەڵکێشا و تۆزێك ئارام بۆوە(عەباس) ی باوکی دانیشت، دەستی لە گیرفانەکەی ناو پاکەت و چەرخەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند و پێی گوت: دەی بڵێ بزانم کێ وایلێکردی؟ (بەناز) بە پشتی دەستی چاوەکانی سڕیەوە، کەمێك وەستا، دوو دڵ بوو، بەتایبەت کێشە لە ئاشکرابوونی ناوەکەی نەبوو، بەڵکو کێشەکەی دوای زانین و ئاشکرابوونی ناوەکە بوو، نەیدەزانی ئەو کاتی چ روودەدات، باوکی جارێکی تر، بە زمانێکی زبرو توند و هەڕەشە ئامێزەوە، لێی دووبارە کردەوە(بەناز) تەماشایەکی باوکی کرد، راوەستا تا بڕێك هەناسەی بێتەوە سەرەخۆ، تەماشایەکی نێوچاوانی باوکی کرد و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: (رێکان)ە، باشە( رێکان) کێیە؟ گوتی: دراوسێیەکەیانە، چۆن(رێکان)ی کوڕی مامۆستا( فوئاد)... ؟ بەڵێ:( عەباس) لە ژوورەکە هاتە دەرەوە، رەنگ و روو زەرد، تێکشکاو و ورە بەرداراوو رووخاو، تا بەیانی خەوی لێنەکەوت، هەر چۆنێك بێت، تازە رۆژهەڵدەهات، شەکەت بوو چاوی گەرم بوو، کەوتە خەوێکی قوڵی بێئامان، دەوری کاتژمێر دەو نیو بوو، لە پڕ لە خەو راپەڕی و سەیرێکی کاتژمێرەکەی



کرد و بەپەلە چوو دەموچاوی شووشت و خۆی گۆڕی و دەستی (بەناز)ی گرت و چوونە بنکەی پۆلیس و سکاڵای خۆیان تۆمارکرد، گەیشتە نیوەڕۆیی (ڕێکان) دەستگیرکرا، لە بنکە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرد، بەڵام چ لێکۆڵینەوەیەك پرسیار نەما لێینەکەن، بەڵام ئەو هەر یەك حیکایەتی دەگێڕایەوە و دەیگوت: من و(بەناز) تەنیا یەك جار لەگەڵ یەك بووینە، ئەو لەسەر بانی خۆیان و منیش لەسەر بانی خۆمان، ستارەکەمان نزم بوو، لەسەر یەك بوو، دەمانتوانی قسەش بکەین و یەکتریش ببینین، ئەو داوای خۆشەویستی لە من کردبوو، تەنیا خۆشەویستی لەگەڵدا بکەم و هیچی تر، تەنانەت دەستیشم بە دەستی نەکەوتبوو، یەك دووجاریش بە تەلەفۆن قسەمان کرد و هیچی تر.

بروسکەیەك وەك چەخماخە بەنێو چاوانی داهات و بەرچاوی ڕەشکەوپێشکەی کرد، ئەوەی هاتەوە بەرچاو کە چۆن جار جارە کە لەگەڵ باوکی، یان هەموویان بەخێزانەوە دەهاتنە سەردانیان و ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگرتن و بەمامە بانگی دەکرد، کەچی هەر ئەو(ڕێکان)ەیە، شتێکی وەها ترسناکی لێدەبیستێ.

**(عەباس) مەسەلەکەی زۆر لە مێشکی خۆیدا هێناوبرد.**

هەتا دواجار بڕیاریدا، بەبێ ئەوەی سەرەتا سکاڵا تۆمار بکات لەگەڵ باوکی قسە بکات، ئەوەبوو ئێوارەیەك کۆبوونەوەیەکی خۆی و مامۆستا(فوئاد)ی ڕێکخست، دوای دوو کاتژمێر لە قسەکردن هیچ کامێکیان نەیتوانی قەناعەت بەلایەکەی تر بێنێ، بۆیە(عەباس) بە تووڕەیی هەستا و مامۆستا(فوئاد)ی بەجێهێشت بۆ بەیانیەکەی پیلی(بەناز)ی گرت و بردییە بنکەی پۆلیس و سکاڵای خۆی لە دژی(ڕێکان) تۆمارکرد، هەر ئەو ڕۆژی(ڕێکان) لە بنکەی پۆلیس ئامادەکرا، پاش لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕ لەگەڵی، بە دۆسییەکەیەوە برایە بەردەم دادوەر و ئەویش هەندێك پرسیاری لێکرد و پاشان بە قەڵەمێکی سەوز هەندێ ڕستەی لەسەر دۆسییەکە نووسی و دایە پۆلیسەکە.

دادگا بڕیاریدا کە بۆ ماوەی هەشت ڕۆژ بەند بکرێت و لێکۆڵینەوە تەواوبکرێت، لێکۆڵینەوە درێژەی کێشا و زۆر شت ئەنجامدرا هەر ئەوەی دادگا بگاتە ڕاستی کێشەکە، (ڕێکان) لە لێکۆڵینەوە و لای دادوەریش گوتی: من ئەو کارەم نەکردوە، ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێت من، دوو بە دوو لەگەڵ (بەناز) دانەنیشتووم، تەنیا ئەوە نەبێ هەر کەسە و لەسەربانی خۆی و دیوارمان لە نێواندا بووە، پاشان نە ئەو دەرفەتەمان هەبوو شتی وا بکەین، نە دەشمان توانی.

(ڕێکان) تا دۆسییەکەش گەیشتە دادگای تاوان هەر بەو ئاراستەیە قسەی کرد، دادگای تاوان پێنج مانگان خەریکی ئەو کێشەیە بوو، ئاخیرییەکەی لەبەر نەبوونی

بەڵگەی تەواو بڕیاریدا ئازاد بکرێت، کە ئازادبوو، ئیتر کێشەی نێوان (بەناز) و باوکی هاتە گۆڕێ، دوای بڕیاری دادگا( بەناز) بۆ ماوەی هەفتەیەك ون بوو، کەس نەیزانی ئەو کچە چی بەسەر هات، هەر وەك چۆن کەسیش نەیزانی کێ بوو ئەوە دەستدرێژییەی کردبووە سەر، پاش ونبوونی(بەناز) و دیار نەمانی بۆ ماوەی هەفتەیەك ئینجا لە شەوێکی درەنگدا ماڵی(عەباس)یش لەو گەڕەکە باریان کرد و ڕۆیشتن، بۆ کوێ کەس لە خەڵکی گەڕەك زانی.

دوای دوو کاتژمێر لە قسەکردن هیچ کامێکیان نەیتوانی قەناعەت بەلایەکەی تر بێنێ، بۆیە(عەباس) بە تووڕەیی هەستا و مامۆستا(فوئاد)ی بەجێهێشت بۆ بەیانیەکەی پیلی(بەناز)ی گرت و بردییە بنکەی پۆلیس

# زیندانی و پەنـــ

(نازەنین) کە ڕۆژانی سەردان، دەچووە بەندیخانە بۆ سەردانی (ئیسماعیل)ی مێردی، ئەگەرچی زۆریش وەڕس ببوو، بەڵام وەك خۆشی دەیگوت چاری ناچار بوو، تازە تووشی بە تووشی ئەو وەزعەوە بووە و دوو منداڵیشی لێی هەیە، هیچ نەبێ لەبەرخاتری منداڵەکانی چاری ناچارە هەر دەبێ بەرگەی ئەو ژیانە کوڵەمەرگییەی بگرێت و ئەو وەزعەی کە خۆی و پیاوەکەی تێدایە قبوڵ بکات، لە ناو(زیندان) خۆمان گەیاندە (ئیسماعیل) کە لەو دیوی شیشەکانی زیندانەوە خەریکی لە باوەش گرتنی هەردوو منداڵەکەی بوو، داوامان لێیکرد، باسی بەسەرهات و گیرانی و هۆی حوکمدانیمان بۆ بکات، ئەویش ئاهێکی هەڵکێشا و تۆزێك داما و سەیرێکی ژن و منداڵەکانی کرد و گوتی: کاکە چت بۆ بگێڕمەوە وا دەمبینی لە ناو زیندانم و باجی هەڵە و نەفامییەکانی خۆم دەدەمەوە، من چی وام نەماوە، ماوەی بەندیم تەواوبێت و ئەوە ساڵێك و هەشت مانگە تیایدام، زۆریش مەمنومی ئەو ژنەمم کە بەرگەی ئەو هەموو ناخۆشیانەی گرتم و دووچاری ژیانێکی زۆر ناخۆش بۆوە.

کاکە ماوەیەك بوو دەستم دابووە پارە قەرزکردن لەم و لەو، ڕاستییەکەی سەرەتا بێئیش بووم بۆیە وامدەکرد، بەڵام دواتر خوم پێوە گرت، لەم و لەو پارەم بە قەرز وەردەگرت، کە تەنگەتاویش دەکرام لە یەکێکی دیکەم وەردەگرت و دەمدایە ئەو، وایلێهات قەرزار دەهاتنە ماڵمان، منیش ئەگەر لە ماڵەوەبام بە ژنەکەم دەگووت: بڵێ لە ماڵ نییە، ڕۆژ هەبوو قەرزار چەند جارێك دەهاتە ماڵمان، وەزعێکی ناخۆش بوو بۆ منیش و بۆ ژنەکەشم، بەڵام بۆ ژنەکەم زیاتر، چونکە بەرگەی ئەو وەزعەی نەدەگرت، هەتا وایلێهات لێم تۆرا و هەردوو منداڵەکەشی لەگەڵ خۆی بردەوە، منیش وەزعەکەم پێناخۆش بوو، هەستام پارەیەکی زۆرم لە کابرایەك وەرگرت بەناوی ئەوەی کە ئیشی پێدەکەم و قازانج بەنیوە دابەش دەکەین، ڕاستییەکەی نیوەی پارەکەم دایەوە قەرزارەکان و لە کۆڵ خۆم کردنەوە ڕێککەوتنمان لەگەڵ کابرا دوو مانگ جارێك بوو، کە بڕە قازانجێکی پێبدەم، وەختێك بەو پارەیە قەرزەکانم دایەوە، چوومە ماڵی باوکی ژنەکەم و پێمگوتن کە ئیدی هیچ قەرزارێك نایەتە بەردەرگەم و کۆتاییم بە کێشەکان هێناوە، هەر چەندی ژنەکەم و ماڵی خەزوورم پرسیاریان کرد کە چۆن و بەچی ئەو قەرزانەت داوە، خۆم لە وەڵامی پرسیارەکان دەدزیەوە بەهەر جۆرێك ژنەکەم ڕازی کرد کە بێتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی هێشتا هەر تەمبێ نەبوو بووم، چونکە کێشەکەم نەك چارەسەر نەکرد بەڵکو قوڕەکەم خەستترکردبۆوە، بەڵام بەخۆشم گوێپێنەدەر بووم، شتم بە فشە و درۆ و دەلەسە وەرگرتبوو.

کە کاتی پارەدان هاتبوو چوومە لای کابرا و بڕێك پارەم دایە، ئەوە بۆ ماوەی دوو مانگان بێ دەنگ و کڕم کرد، بەڵام کێشەی من و ژنەکەم دوایی نەهاتبوو، چونکە ئەو دەیگوت بۆچی کارێك ناکەی و هەموو ڕۆژێك، بەو مەسرەف گرانییە لە ژووریشی..؟ دوو مانگ زیاتر بوو کرێی خانووشم نەدابوو، خاوەن خانوو هەفتەی جارێك دووان دەهاتە بەردەرگا و دەیگوت کوا کرێی خانوو، تاوەکو ڕۆژێك شکایەتی لێکردین و منیش نەچوومە دادگا و ئەویش پاش دوو مانگ بڕیاری دادگای وەرگرتبوو، بە چۆڵ کردنی خانوەکەی، من هەر نەچوومە دەرەوە، ڕۆژێك لە بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن ناردیان بەدوامدا منیش چووم و پێیان گوتم کە خانووەکە لە ماوەی سێ مانگدا دەبێ چۆڵ بکەم، گوتم تا ئەوکاتی خوا کەریمە، ئەو وەختی دەبێتە شەش مانگ و گوێشم نەدایە.

ئینجا نۆرەی قازانجەکە هاتەوە گۆڕێ، بەڵام ئەمجارە هیچی وامنەبوو بیدەمێ ، بۆیە دەستا و دەستم پێکرد و چەند هەفتەیەك بەو شێوەیەم بردە سەر.

کابرا ڕۆژێك هاتە بەردەرگا و چی قسەی ناشیرینە پێی گوتم: لەبەردەرگای ماڵ بووە مشتومڕ و دەمەقاڵێمان، کابرا سوێندی خوارد کە بە گرتنم بدات، ڕۆیشت، پاش دوو ڕۆژ دوو پۆلیس هاتنە بەردەرگا و پێیانڕاگەیاندم، کە لەگەڵیان بچمە بنکەی پۆلیس، منیش چووم و گوتیان ئەو پیاوە لەبەر فڵانە هۆ سکاڵای لە دژت تۆمار کردووە، گوتم ڕاستە پارەم لێوەرگرتووە، بەڵام ئێستاکە هیچم نییە بیدەمەوە با چاوەڕێم بکات هەتا ئیشێك کارێك دەدۆزمەوە ئەوسا وردە وردە دەیدەمەوە ، بە گیراوی ڕەوانەی دادگایان کردم، بەڵام ماوەی دوو مانگ لە زیندانداندا مامەوە هەتا کاتی دادگاییم داهات، پاشان بە چەند دانیشتنێك دادگا بڕیاری ئەوەیدا کە من تاوانبارم و لەبەر ئەوەی بە فڕوفێڵ بڕە پارەیەکم لە فڵان وەرگرتووە و هیچیشم نەداوەتەوە، بۆیە دوو ساڵ زیندانی بۆ بڕیمەوە، ژیانی ناو زیندان ژیانێکی تا بڵێی ناخۆشە، خۆ وەنەبێ ناخۆشییەکەی لەوەدابێ بڵێ گوایە لێتدەدرێت یا ئەشکەنجە دەدرێی، نا بەڵکو ناخۆشییەکەی لەوەدابێ کە گرنگترین و بە بەهاترین شتت لێزەوت دەکرێت کە ئازادیتە، مرۆڤ کە ئازاد نەبوو با هیچ ئەرك و مەسرەفێکیشی لەسەر نەبێت با هیچ فشار و گوشارێکی لەسەر نەبێت، بەڵام ئیرادەی لێ زەوت دەکرێت و وەکو باڵندەی ناو قەفەزی لێدێت، بێجگە لەوەش هەستم بە کەمتەرخەمی و نا بەرپرسیارێتی دەکرد لە بەرامبەر ژن و منداڵەکانم، زۆر شەو هەبوو لە ناو زینداندا، تا بەیانی خەوم لێنەکەوتووە لە خەفەتان، تەنانەت ماوەیەك

> وەختێک بەو پارەیە قەرزەکانم دایەوە، چوومە ماڵی باوکی ژنەکەم و پێمگوتن کە ئیدی هیچ قەرزارێک نایەتە بەردەرگەم و کۆتاییم بە کێشەکان هێناوە

# ـــد و وانە وەرگرتن

ئەگەر بە حەبی خەوتن نەبایە، شەو خەوم لێنەدەکەوت، هەموو وەختێ لە فیکری ئەوەدابووم باشە ئەو ژن و منداڵانەم چۆن دەگوزەرێنن؟ ئینجا لەگەڵ ئەوەشدا کە من لەگەڵ ماڵە خەزوورانم باش نەبووم، کەچی هەتا حوکمدرام ئەوان کرێی خانوویان دەدا و مەسرەفیان دەکردن، کە حوکمیش درام، منداڵەکانیان بردە لای خۆیان و ئەوان بەرپرسیارێتی بە خێوکردنیان گرتنە ئەستۆ.


ئێستا لە جاران، لەو وەختەی کە ماڵی خەزوورم ژن و منداڵەکانیان بۆ بەخێودەکردم، ئاسوودەترم، چونکە خێزانەکەم ئەوە چەند مانگێکە لە فەرمانگەیەکی حکومی دامەزراوە، ئەوەش هەر بە هەوڵی ماڵی خەزوورم بووە.

پەند وەرگرتن لە سزادان

(ئیسماعیل) کە لەو دیو شیشەکانی زیندانەوە قسەی دەکرد، جار جارەش سەیری دەموچاوی ژنەکەی دەکرد و وەك بڵێی بزانێ داخۆ ژنەکەی لە قسەکانی رازییە یان دڵگرانە، کە دەیدیت ژنەکەی چ کاردانەوەیەکی نارەحەتانەی نییە، باشتر قسەی بۆ دەهات، ئەوجا جگەرەیەکی لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا و دوو سێ مژی قوڵی لێدا و دەستی بە قسەکانی کردەوە و گوتی: لێرە لە زیندانیش دەبێ هەر وریا بیت، چونکە خەڵکی وەهای لێیە دەڵێی قوتابخانەیەکە لە تاوان و ئەگەر لەو جۆرە کەسانە دوور نەکەوییەوە بەڕاستی لە تاوان دوور نابیتەوە، کە وەختی ئازادبوونیش نێزیك دەبێتەوە، دە هێندەی جاران پەلە پەلی و ماخولانت پێدەکەوێ، رۆژێکت بە ساڵێك لێدەڕوات، ژیانی ناو زیندان فێری زۆر شتی کردم، بەڕاستی کە لەو زیندانە بێمە دەرەوە هەتا لە ژیاندا ماوم بەلای تاوان و فرۆفێڵ و خواردنی هەقی خەڵکیدا نەچمەوە، ئەوجا یەکەمین شتیش کە بیکەم خۆ سەر لە نوێ دروستکردنەوەیە و دامەزراندنی ژیانێکی تازە و رەشکردنەوە شوێنەواری ژیانی پێشتریشە هەر چەندە زۆر رەخنە و گلەیشم لەو دادوەرە هەیە کە ئەو حوکمە قورسەی دام و هیچ زروفێکی نا لەباری منی لەبەرچاو نەگرت، هەر بەیەك دوو دانیشتن بڕیاری خۆی دا و لە کونجی زیندانی پەستام.

هەموو جارێکیش دەمگوت بریا لە برسان مردبام بەس لەسەر ئەو تاوانە حوکم نەدرابام، چونکە دوو ساڵ رۆیشتن لە عومر گەلێك زۆرە، خوا دەیزانی بەو دوو ساڵە ئەگەر ئیشم کردبایە لەوانەبوو ئۆتۆمبیلێکیشم کڕیبا، بەڵام دنیاش بە(بریا ) و خۆزگە پێکنایە، بەڵێنم داوە کە هاتمە دەرەوە قەرەبووی هەموو ئەو بێبەشیانەی خێزانەکەم بکەمەوە و ئەو ئەزموونەش کە تیایدا ژیام وەك پەند و وانەیەك وەریبگرم.





ئەوەبوو پاش دوو سێ هەفتە مێردەکەم گومانی لێکردم ئینجا کەوتە چاودێری کردنم و دوای دوو مانگان بە کارەکەی زانی و وازی لێهێنام و تەڵاقی دام من لەو ماڵە مامەوە تا ئەو ڕۆژەی دەستگیرکراین

ئەوانەی کە دەستگیرکران بێ لە پیاوەکان چەند ئافرەتێکیشی تێدابوو لەوانە(نەسرین و سازان و بەفرین) کە هەموویان بێجگە لە(فەوزیە) کە خاوەنی ماڵەکە بوو، لە بەهاری تەمەنیان بوون، هەموویان بەو وەزعەی کە تێیدا بوون، ڕاپێچی بنکەی پۆلیس کران، با لێکۆڵەری دادی بنکەکە بەخۆی وردەکاری کێشەکەمان بۆ باس بکات و بزانین بەچی گەیشت، ئەو لێکۆڵەرە بەمجۆرە کێشەکەی بۆ باس کردین و گوتی: زۆر کەس هەن کاری بەدڕەوشتی دەکەنە پیشە و پارەی پێ پەیدا دەکەن، ڕاستییەکەی ئەم کارە وەکو بازرگانییەکە، بەڵام بازرگانییەکی ناشەرعی، سەر دەستەی ئەو ئافرەتانە(فەوزیە) بوو، خۆی ژنێکی تەمەن لەسەرووی سی ساڵییەوە بوو، ژنێکی جوان و کەڵەگەت، زۆرزان و بە تەدبیر، کە بێوەژن کەوتووە، مێردێکی دیکەی کردۆتەوە، ئەم مێردەی گومان لە(فەوزیە) دەکات کە دەستی لەگەڵ پیا و ی دیکە تێکەڵ ببووبێ، بۆیە پاش یەك دوو ساڵان تەڵاقی دەدات(فەوزیە) بێ سەرپەرشتیار دەمێنێتەوە، هیچ سەرچاوەیەکی دارایی و بژێویشی نابێ، بۆیە بۆ خۆژیاندن پەنا بۆ کاری بەدڕەوشتی دەبات، چونکە ژنێکی بەرچاو و جوان دەبێت، بۆیە پەیوەندییەکی زۆر دروستدەکات و کەسانێکی زۆر دەناسێ، دیارە ژنێك لەم تەمەنە لە رووی سێکسییەوە ناتوانێ وەکو کەسێکی هەرزەکار هەڵسوکەوت بکات، تێرکردنی کەسانێکی زۆریش لەسەرووی توانای جەستەییەوەی دەبێت، بۆیە بیر لەوە دەکاتەوە کە جگە لە خۆی ئافرەتێکی دیکەش، ئەوانەی بۆ پارە ئامادەن ئەو جۆرە کارانە بکەن، لەگەڵ خۆی دەخاتە ناو ئیشەکەی.

دیارە کەسانی جۆراو و جۆر سەردانیان دەکەن، وەکو دەشڵێن قسە ئەگەر کەوتە زارێك دەکەوێتە شارێك ئەوانیش لەو گەڕەکەی کە لێی دەبن، دەروو دراوسێ لێیان دەکەونە گلەیی و گازاندە و شکایەتکردن، ئەویش ناچار دەبێ هەر جارەی ماڵەکەی دەباتە گەڕەکێك.

(نەسرین) یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە فێرە ئەو کارە ناشەرعییەی بوو، کە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا و پرسیاری لێکرا ئەو بەو شێوەیە وەڵامی داینەوە و گوتی: تەمەنم بیست و سێ ساڵە، دوو ساڵە مێردم کردووە، مێردەکەم فێری ئەو شتەی کردووم، ئەویش بەمجۆرە بوو سەرەتا کە ئیشی نەبوو برادەری خۆی دەهێنایەوە ماڵ بۆ مەی خواردنەوە، پاشان ڕێگەی دەدا هەندێ لە برادەرەکانی ئافرەت لەگەڵ خۆیان بێننە ماڵەکەمان و لەگەڵیان رابوێرن، ئەویش لەبەرامبەر ئەمەدا بڕە پارەیەکی وەردەگرت، پاشان وایلێهات بەخۆی ئافرەتی پەیدا دەکرد و لە ماڵی ئێمە پیاوی بۆ دەهێنا و لەبەرامبەردا پارەی وەردەگرت، ئینجا داوای لە منیش کرد کە ئەم کارە بکەم و رازی کردم، ئەمە کاروپیشەمان بوو، پاشان بە (فەوزیە)ی ناساندم و ئەویش پێی گوتم: ماڵی ئێمە ئەمینترە و خەڵك

لەنێو فایلەکانی دادگاوە

# چی (فەوزیە) و گرووپەکەی گەیاندە بەندیخانە

نازانیێ چی دەکەین و چی ناکەین، تۆ وەرە ماڵی ئێمە و هەفتانە سێ جار وەرە، کەسیش گومانت لێناکات و پارەی خۆشت بە زیادەوە وەردەگری، گوتم باشە، لەوێش یەك دوو ئافرەتی دیکەم ناسی کە وەکو من ئەم کارانەیان دەکرد، ئافرەتی دووەمیش(سازان) بوو کە ئەویش مێردی تەلاقی دابوو، تەمەنیشی هەر بیست و پێچ ساڵ بوو، پێشتر کاری جوانکاری ئافرەتانی دەکرد ئەویش کەلێۆڵینەوەمان لەگەڵی کرد و لەمەڕ هۆ و چۆنییەتی ئەنجامدانی ئەو کارە، گوتی: من مێردم پیاوێکی مەی خۆر و ئیشنەکەر بوو، کرێچی و بێ ئیشی دەبێ چ بارودۆخێکت بۆ دروست بکات، سەرەڕای ئەوەش هەموو ڕۆژێ شەڕ و ئاژاوەی لە ماڵ دەنایەوە و ڕۆژ نەبوو لێمنەدات، بۆیە ناچار بووم لەمو لەو بپرسم، خۆم کارێك بدۆزمەوە و لوقمەنانێك پەیدا بکەم، دوو منداڵم هەبوو، کە کارێکم لە ئارایشگایەکی جوانکاری ئافرەتان دۆزییەوە ناچار بووم لە ماڵەوەیان بەبێ سەرپەرشتیار بەجێبێڵم، ئەو(فەوزیە)یە چەند جارێك هاتە ئارایشگاکەمان و لەوێ یەکتریمان ناسی.

ئەم ناسینەمان پەرەی سەند و زوو دەهاتە لام، پاشان داوای لێکردم بچمە ماڵی، منیش ڕۆژێکی هەینی چوومە ماڵی و دیتم یەك دوو ئافرەتی دیکەشی لێیە، ئیتر وردە وردە زانیم کە خەرکی چییە، بە منیشی گوت وەرە واز لە ئارایشگا بێنە و ئەم کارە بکە، پارەیەکی باشت دەستکدەکەوێ و ئەوەی لێرە بە ڕۆژێك بەدەستت دەکەوێ، لە کارەکەی خۆت بە مانگێك ئەگەر دەستتبکەوێ و گوتیشی: ئێرە جێگەی مەترسی نییە و هەفتەی چەند ڕۆژێك دێی و خۆت لە کاری ئارایش باش دەزانی، پێش ئەوەی بێی خۆت جوان ئارایش بکە و بڕازێنەوە ئینجا وەرە، پاش نیوەڕۆیە وەرە وشەو بڕۆوە و ئەگەر حەزیشت کرد یان زۆر ماندوو بوی شەوەکەی لێرە بمێنەوە و بەیانی بڕۆوە ماڵی خۆت، ڕۆژی یەکەم کەوامکرد زۆر کارێکی قورس و زەحمەت بوو بۆم، دوو سێ ڕۆژان هەر فکرم دەکردەوە لە خۆم و کارەکەم رادەمام، راستە پارەکەی زۆر بوو، بەڵام ویژدانیشم زۆر بە ئازار بوو، بەڵام ئەم ئافرەتە توانی بەسەرمدا زاڵبێت و هەرچی هەست و سۆزم هەبوو، وایکرد بەسەر هەموویدا زاڵ بم و بە کارێکی ئاسایی وەریبگرم، ئەوەبوو پاش دوو سێ هەفتە مێردەکەم گومانی لێکردم ئینجا کەوتە چاودێری کردنم و دوای دوو مانگان بە کارەکەی زانی و وازی لێهێنام و تەلاقی دام، من لەو ماڵە مامەوە تا ئەو ڕۆژەی دەستگیرکراین.

ئافرەتەکەی تریش کە ناوی (بەفرین) بوو، بە هەمان شێوە ئەویش چیرۆکی خۆی هەبوو، گوایە ئەویش دەستخەڕۆ کرابوو، زۆربەیان خۆیان بە قوربانی دەزانی.

**حیکایەتی سەردەستەکەیان**

ئەو لێکۆڵەرەی دادی لەسەر قسەکانی دەڕوا و دەڵێ:

ئەوەی سەیر بوو حیکایەتی (فەوزیە) بوو کە سەردەستەی هەمووان بوو و دەیگوت ئەو ئافرەتانە بە ئارەزووی خۆیان ئەو کارەیان هەڵبژاردووە، نەك بە دەستخەڕۆ کردنیان، چونکە کە زانیان ئەی بۆچی هەر بەردەوامیش بوون لە کارەکە، بەڵام لە ڕاستیدا هەمووان بۆ پارە و بە پارە کاریان دەکرد و پارەکەش کە وەریاندەگرت زۆر بوو، ئەوانیش بە تەماح بوون ئیدی کەسابەتە و پێی رازی ببوون، ئەم ئافرەتانە کە درانە دادگا هەر چواریان حوکمدران، بەڵام حوکمی (فەوزیە) لە هەمووان زۆرتر بوو کە پێنچ ساڵ بوو، چونکە جگە لەوەی کە تاوانی کردبوو، ئاسەواری تاوانەکەشی گەورە و ترسناك بوو، بۆیە دادگا ڕەنگدانەوەی سلبی کارەکەشی لەبەرچاو بوو، ئەوانی تریش یەکی دوو ساڵ و ساڵ و نیوێك حوکم دران.

**کاتێک پۆلیس بەسەر ماڵەکەیدادا، کاتژمێر یانزەی شەو بووە دەنگی گۆرانی و سەما و پێکەنینی ژن و پیاو، لە ناو هۆڵی ناوەوەی خانووەکە دەنگیان دەدایەوە**



# تاوانباری راستەقینە دەدۆزرێ

## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

ئا: باوکی میدیا

کات دوای نوێژی عیشا بوو کە (ئەیوب) بەخۆو بە ماتۆڕەکەیەوە، چووە ماڵی (ئەسکەندەر)ی کۆنە برادەری، لە مێژبوو نێزیکی مانگێك دەبوو کە (ئەیوب) داوای لە (ئەسکەندەر) کردبوو کە هەوڵێکی بۆ بدات لەلای خۆیان ئیشێکی بۆ بدۆزێتەوە، لەگەڵیشدا خانووەیەکی گونجاوی لە نزیك خۆیان بۆ پەیدا بکات، بەڵکو لەو شوێنەی کە لێیەتی بگوازێتەوە، دیار بوو (ئەسکەندەر) هەردووکی بۆ رێکخستبوو، هەم ئیشەکە و هەمیش خانووەکە، بۆ ئەم مەبەستە (ئەسکەندەر) بەناسیاوێکی خۆی هەواڵی ناردبوو، کە شتێکی بۆ کردووە و شەوێ ئەگەر پێی کرا بابێتە ماڵێ، ناسیاوەکەشی بەمنی گوت: منیش (ئەیوب)م لێئاگادارکردەوە کە (ئەسکەندەر) وای گوتووە، با بچێتە ماڵیان، من هەر ئەوەندەی لێدەزانم..)

ئەوە قسەکانی (سالار)ی خزمی (ئەسکەندەر) بوو کە لە پێش دادگا کردبوونی، ئەوجا نۆرەی (زاهیدە)ی ژنی (ئەیوب) هات و بردیانە بەردەم دادگا و ئەویش بەمجۆرە گوفتاری خۆیدا و گوتی: (ئەیوب)ی، مێردم کە هەواڵی (ئەسکەندەر)ی، پێگەیشت بەخۆو بە ماتۆڕەکەیەوە شەوێ چووە ماڵی (ئەسکەندەر)ی، دوای ئەوەی هەندێك لەوێ دەمێنێتەوە، ئینجا هەڵدەستێ بڕوات، چیان گوتووە و چیان نەگوتووە نازانم، بەڵام هەرکە لەوێ هەڵساوە بڕوا بێتەوە ماڵی خۆمان، لەبەردەرگەی حەوشەی ماڵەکەیان گوللەی لێدراوە و کوژراوە، من گومانم لە (ئەسکەندەر) هەیە، ئەگەر ئەو نەیکوشتووە ئەی کێ کوشتوویەتی؟ بۆچی لەبەر دەرگەیان گوللەی لێدەدرێت، (زاهیدە) کە قسەکانی تەواوکرد، ئەوجا نۆرەی (سەبیحە)ی ژنی (ئەسکەندەر) هات، ئەویش بردرایە بەردەم دادگا و بەمجۆرە قسەی خۆی کرد و گوتی:

(ئەیوب) و (ئەسکەندەر) لە مێژبوو برادەری یەکتربوون، ئەو لە مێژبوو دەیویست لەو گەڕەکەی کە ماڵەکەی لێبوو، بار بکات و لە شوێنێکی دیکە نیشتەجێ بێت، ئەوە قسەی (ئەیوب) بوو، لە پێش من لە ماڵمان بە (ئەسکەندەر)ی گوت و داوای لە (ئەسکەندەر) کرد کە لەبەر ئەوەی دەمێکە وازی لە ئیشەکەی خۆی هێناوە و ماوەیەکە بەدەست بێ ئیشیەوە وەرس بووە، ئیشێکی بۆ بدۆزێتەوە و لە نزییك خۆشمانەوە خانوویەکی بۆ بدۆزینەوە، (ئەسکەندەر) یش چەند رۆژێك هەوڵی بۆدا، ئیشی بۆ دۆزییەوە و خانوویەکی گونجاویشی بۆ کرێ پەیدا کرد، ئەوجا (ئەسکەندەر) هەواڵی بۆ نارد کە بێت پێی بڵێت کە هەردووکی بۆ جێبەجێ کردووە، ئەو شەوەی کە تێیدا کوژرا، پاش نوێژی عیشابوو، بە ماتۆڕەکەیەوە هاتە ماڵمان و ماتۆڕەکەی لە پێش دەرگەی ماڵمان راگرت و لە دەرگەی دا، من چووم کردمەوە، پاش چاك وچۆنی گوتی: براژن (ئەسکەندەر) لە ماڵێیە، گوتم: بەڵێ فەرموو، ئەرێ وەڵڵا وا لەبەر چرا دانیشتووە، ئەو شەوی کارەبامان نەبوو، فانۆسێکمان لە حەوشە و چرایەکشمان لە ژوورەوە پێکردبوو، ماتۆڕەکەی کوژاندەوە و هاتە ژوورەوە منیش پێش ئەو چوومە ژوورەوە (ئەسکەندەر)م ئاگادارکردەوە، ئەویش پاش بەخێرهێنانی و کەمێك دانیشتن، چایان خواردەوە و (ئەسکەندەر) پێی گوت کە لە فڵانە شوێن خانوویەکی بەکرێیەکی گونجاو بۆ گرتووە و ئیشێکیشی لای خۆیان بۆ دۆزیتەوە. (ئەیوب) زۆری پێخۆش بوو، زۆریشی لێ مەمنوون بوو، پاشی بیست خولەکێك، داوای عوزر خواستنی کرد و هەستا رۆیشت، چەندی (ئەسکەندەر) پێی گوت: جارێ دانیشە و با بەتەواوەتی خۆت گەرم بکەیەوە، دنیا زۆر ساردە و ماتۆڕیشت پێیە، ئەو نەیسەلماند و گوتی: نا وەڵڵا کاك (ئەسکەندەر) وەزعم تەواو نییە، هەر دەبێ بڕۆم ماڵت ئاوا بێ و زۆر مەمنوون بۆ ئەو ماندووبوونەی بۆت کێشام، ئەوجا هەستا رۆیشت، هەر کە دەرگەی کردەوە و پێی هاویشتە دەرەوە و نزیکی ماتۆڕەکە بۆوە، دەنگی دەسترێژێك هات و دەنگی کەوتنی گوللە بە لاشەی ماتۆڕەکە هات و (ئەیوب) تەپەی لێوەهات و بەربۆوە، (ئەسکەندەر) گوتی: کوڕە ئەوە چبوو، ئەو تەقەیە چییە، هاواری کرد کێیە، کێی تۆ کابرا؟ کەس وەڵامی نەدایەوە




(ئەسکەندەر) هاواری لە (ئەیوب) کرد، بەڵام (ئەیوب) دەنگی لێوە نەهات، بە منی گوت: (سەبیحە) ئەو فانۆسەم لێوەگرە و روناکیەکە بێنە ئێرە، (ئەسکەندەر) ماتۆڕەکەی (ئەیوب)ی هەلگرتەوە، بەڵام (ئەیوب)، دەمێك بوو مردبوو، چەندی بانگی کرد، وەڵامی نەبوو ملی لار ببۆوە و هەناسەی لەبەر برابوو، ئەوجا پێی گوتم: ( سەبیحە) بڕۆ لە دەرگەی ئەو ماڵە دراوسێیانە بدە و ئاگاداریان بکەوە، منیش چووم ماڵی ( عەزیز و کاکەڕەش) و ئەوانەم ئاگادار کردنەوە، ئەوانیش هاتن و گوتیان چبووە و چ قەوماوە؟ (ئەسکەندەر) پێی گوتن: لە ناو ئەو رەشاییەدا (دەستی بۆ رەشاییەکەی بەر دەرگەی ماڵمان درێژ کرد کە هەر بیست سی مەترێك دوور بوو) دەستدرێژێك هات و (ئەیوب) ی وەبەر گوللەدا، نەمانزانی کێیە و (ئەیوب)یش دەموودەست مرد و بەفریای هیچ نەکەوتم بزانم، ئەو دەستدرێژە کێ بوو یان چبوو ئەوەبوو گۆتییە دراوسێیەکان ئاگاداری پۆلیس بکەنەوە، کە پۆلیسیش هات(ئەسکەندەر) ی مێردم دەستگیر کرا و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرد، وەك بلێی ئەو کوشتبێتی، پاش ئەوە ئەو دراوسێیانەی کە (سەبیحە) شەوەکەی لە دەرگەیانی دابوو بانگ کران و ئەوانیش هەر کەسەی چی دیتبوو چی زانیبوو بە دادگایان گوتبوو.

## گێڕانەوەکەی ئەسکەندەر

(ئەسکەندەر) هەفتەیەك دەبوو گیرابوو، هەستی دەکرد وەکو تاوانبارێك گیراوە، بەتایبەتی کە زانی بووی، (زاهیدە)ی ژنی (ئەیوب) گوتبووی گومانم لە(ئەسکەندەر) هەیە لەو رووداوە، چونکە بۆچی هەر کە ئەو هاتۆتە دەرەوە گوللەی لێدراوە، لە پێش دەرگەی ئەوان کوژراوە، مانای وایە ئەگەر نەشی کوشتبێت، ئاگاداری ئەو تاوانەیە، ئەو قسانەی (زاهیدە)بۆ (ئەسکەندەر) زۆر خراپ بوو(ئەسکەندەر)یش دەیگوت: وەرە پیاوەتی بکە، کەچی نەك هەر پیاو خراپ دەردەچیە بەڵکو لە بەندیخانەشت توند دەکەن و بە تاوانباریش دەردەچی، پاش ئەوەی گوفتاری چەندین کەس لە رووداوەکە وەرگیرابوو، ئەوجا(ئەسکەندەر)یان بردبووە بەردەم دادگا و ئەویش قسەکانی خۆی بەمشێوەیە کردبوو: من نازانم بۆچی گیراوم، من چاکە و پیاوەتیم کردووە، هەر لەخۆڕا بوومە تاوانبار، کابرا بزانن دوژمنداربووە، بزانن ناحەزی هەبووە، من چ بەرژەوەندییەکم لە کوشتنیدا هەبووە، کابرا کۆنە برادەرم بووە، بەڵام خۆ هەموو رۆژێ یەکتریمان نەبینیوە، مەگەر چۆن هەفتەی جارێك یان دوو هەفتە جارێك دووان یەکتریمان بدیبایە، ئەو شەوە من ناردبوومە دوای کاری دەستنە دەکەوت و خانوویەکی کرێی گونجاویشی دەویست، منیش وەکو برادەرێك هەردووکیانم بۆ پەیدا کرد، من چوزانم ئەو کابرایە چی هەیە و چی نییە لەگەڵ کەسانی دیکە!! هەر کە لە ماڵمان هاتە دەرەوە دەستدرێژی لێکرا و کوژرا، لەبەر ئەوە من هیچ گوناهم نییە و بەخۆڕاییش گیراوم.

## تاوانبار دەدۆزرێتەوە

(ئەسکەندەر) نزیکەی سێ مانگان لە بەندیخانە مابۆوە، سێ مانگ بوو نەك وەك گومانلێکراو، بەڵکو وەك تۆمەتبار دەستگرکرابوو، (ئەسکەندەر) هەر چەندی دەکرد و دەکۆشا کە ئەو کەسی نەکوشتووە و ئەسڵەن هەر چەکیشی نییە، بێ سوودبوو، ئازاد نەدەکرا، هەتا رۆژێك لە نزیك ماڵیان تفەنگەکە دەدۆزرێتەوە، لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر دەکرێ و چەند کەسێکی لەسەر دەگیرێ، هەتا دەگەنە ئەوەی دەزانن کە دوایین خاوەنی ئەو چەکە کێیە، کە خاوەنەکەی دەزاندرێ، پۆلیس بە وردی و بە نهێنی چاودێری کابرا دەکات و زانیارییەکی باشی لەسەر کۆدەکەنەوە، پاشان بۆ کەسوکاری (ئەیوب) دەردەکەوێت کە(ئەیوب) یەك دوو جاران لەگەڵ (سیامەند) ناوێك کێشەی هەبووە، کێشەکە لەسەر پارە و ئەو شتانە بووە، برایەکی (ئەیوب) ئاگاداری پۆلیس دەکاتەوە کە بەر لە کوژرانی (ئەیوب) کێشەیەك لە نێوان(ئەیوب) و (سیامەند) ناوێك هەبووە، یەك دووجار لێیکان داوە و بۆتە جۆرە دوژمندارییەك، ناونیشانی (سیامەند) دەدەن، پۆلیس و ئەوانیش چاودێری دەکەن، دەبینن ئەو(سیامەند)ە، هەمان ئەو کەسەیە کە خاوەنی تفەنگەکە بووە، بەمە باشتر چاودێری دەکەن و زیاتر گومانی لێدەکەن، رۆژێك لە پڕ لە ناو چایخانەیەك دەستگیری دەکەن.

سەرەتا خۆی دەگرێت و نکوڵی دەکات، بەڵام کە لە لێکۆڵینەوەدا زۆری بۆ دێتن، خۆی پێناگیرێ و ورە بەردەدات، ئینجا دەست دەکات بە دانپیانان و دەڵێ: بەڵێ من بووم، ئەو تەقەم لە(ئەسکەندەر) کردبوو، مەبەستیشم بوو بیکوژم، ئەگەر ئەوجاری نەشمردایە، بۆ جارێکی دیکەش هەر تەقەم لێدەکردەوە و هەر دەمکوشت، بۆیە ئا ئەوە من بووم خۆم بۆی لە بۆسە دانابوو، دەستدرێژیشم لێیکرد، تەنیا هیوادار بووم کە کەسی تر بەر دەستدرێژییەکەم نەکەوێت، دەنا بە دڵ حەزم دەکرد بە تەختی نێو چەوانی ئەو بکەوێت، پاش ئەو دانپیانانە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بە ئاراستەیەکی دیکە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت ئەو دانپیانانەی (سیامەند) راستن و مەبەستی دیکەی نییە، پاش هەفتەیەك(ئەسکەندەر) ئازادکرا، ئینجا دوای ئازادکردنی ئەو، بەڵگەکان بە تەواوەتی دەریانخست کەوا بکوژی راستەقینە (سیامەند)ە، نەك(ئەسکەندر)، ئینجا دادگاییکردنی (سیامەند) دەستپێکرد و هۆی ئەوەش کە بۆچی (ئەیوب)ی کوشتبوو، (سیامەند) گوتبووی: من و (ئەیوب) رکابەری یەکتربووین، پێکەوە لە شوێنێك کارمان دەکرد، یەك دووجار لێمان بووە دەماقاڵی و مشتومڕ، پاشان پەلاماری یەکترمان دا، ئەو لەمن دەستکراوەتر بوو، لە شەڕەکەماندا من لێوم بریندار بوو، ئێستاش شوێنەواری برین و تەقینی لێوم ماوە و دەموچاوی عەیبدارکردم و لەشەرمان هەر نەچوومەوە سەر ئیشەکەش و وام لێهاتبوو خەریکبوو شارەکەش بەجێهێڵم، کە دەیان گوت بۆچی لێوت وەهای لێهاتووە، شەرمم دەکرد.

لەبەر ئەوە منیش بڕیارمدا تۆڵەی خۆمی لێبکەمەوە تۆڵەیەك کە جارێکی تر نەتوانێ چاویش بروکێنێتەوە، ئەوەبوو چەند رۆژێك چاودێریم کرد و زانیم ئەو شەوە دەچێتە ئەو ماڵەی کە لە پێش دەرگەیاندا کوشتم، لە دوورایی بیست سی مەترێك لە پەنایەك خۆم شاردەوە و کە هاتە دەرەوەش سێرەم لێگرتوو ریزە فیشەکێکم پێوەنا و کوشتم، پاش ئەو دانپیانانە دادگاییکردنی (سیامەند) لە کێشەکە دەستپێکرد و دوای چەند مانگێك دادگا بڕیاری دا بە بەندکردنی (سیامەند) بۆ ماوەی پانزە ساڵی رەبەق.

**پاش ئەو دانپیانانە دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بە ئاراستەیەکی دیکە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بێت ئەو دانپیانانەی (سیامەند) راستن و مەبەستی دیکەی نییە**

**(ئەسکەندەر) هەفتەیەك دەبوو گیرابوو، هەستی دەکرد وەکو تاوانبارێك گیراوە، بەتایبەتی زانی بووی، (زاهیدە)ی ژنی( ئەیوب) گوتبووی گومانم لە(ئەسکەندەر) هەیە**

***(فاتیمە ئەلعێراقییە) سەرباری دووری لە وڵاتەکەیە بەڵام بە وتار و شیعر و چیرۆکەکانی هەردەم لەگەڵ موعانات و ئێش و ئازارەکانی میللەتەکەی ژیاوە،(فاتیمە) ڕۆژنامەگەری بە ماڵی دووەمی خۆی دەزانێ و پێی وایە هەرگیز بێ ڕۆژنامە ناتوانێ هەڵبکا، خانمی(ئەلعێراقییە) لە وتارە ڕۆژنامەوانی و شیعرەکانی بەردەوام گوزارشتی لە ئاریشە و ئازارەکانی ژنان کردووە، چەندین توێژینەوە و وتاری لە بارەی توندوتیژی دەرهەق بە ژنان و پرسی ناموس هەیە، هەفتەنامەی (گوڵان) بە پێویستی زانی ئەم گفتوگۆیەی لە بارەی مەسەلەی ناموس لای ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ سازبدا.***

## ڕۆژنامەنووسی عێراقی (فاتیمە ئەلعێراقییە) بۆ گوڵان:

# نامووس پارێزی ژنانی ڕۆژهەڵاتی لە سێگۆشەیەکی تەسک گەمارۆ داوە

*** مەسەلەی نامووس لە ڕۆژهەڵاتدا خاوەن پێناسەیەکی تەسکی یەک لایەنە، چوارچێوە گشتییەکەی بە رووە ئاکارییەکەی کەسایەتی ژنان بەستراوەتەوە، چۆن لەمە دەڕوانن؟**

- لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا زۆر شتی جوان و سەرنج ڕاکێش هەیە لە هەمان کاتدا کردار و شتی نابەجێ و دوور لە لۆژیکیش تێبینی دەکرێ، پتەوی خێزان و توندو تۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یەک لەو شتە جوانانەیە کە ئێمە شانازی پێوە دەکەین و ڕۆژئاواش ئیرەیمان پێدەبات، توندوتۆڵی پەیوەندییەکان وایکردووە بە هاو لایەنە مەعنەوییەکە بە زیندوویی بمێنێتەوە و تاک هەست بە نامۆیی و فەراغی ڕۆحی نەکات، هاوکات وەک ئاماژەم پێدا شتی نالۆژیکیش هەیە کە هەر کەسێک بیەوێت لێیان لابدات یان هەوڵی ڕاست کردنەوەیان بدات دەبێ باجێکی قورس ببەخشێ، نامووس یەک لەو مەسەلانەیە کە پێگە و بایەخێکی ڕادەبەدەری لای ڕۆژهەڵاتییەکان هەیە، مەسەلەیەکە ڕۆژهەڵاتییەکان ناتوانن موساوەمەی لەسەر بکەن، بێگومان هەر مەسەلەیەک دوور لە عەقڵ و مەنتیق تەنیا بە چاوی سۆزەوە هەڵبەسنگێندرێ ڕەوایی و ڕاستی لە دەست دەدات، بەداخەوە لای کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان شەرەف هەڵسەنگاندنێکی زانستیانە و مەنتیقی بۆ نەکراوە، هەر کەسێک، هەر خێزان و بنەماڵەیەک بە پشتبەستن بە پاشخانێکی خێڵەکەی کەڵەکەبوو سزای مەرگ و فەلاقەکردن بەسەر ژنی زیناکار دەسەپێنێ (کە زۆر جار تەنیا لەسەر ئەساس و پڕوپاگەندە و قسە و قسەڵۆکە).

بەپێی شیکردنەوەی من پابەندبوونی تاک و بنەماڵە بە سیستەمی خێڵەکی فاکتەری یەکەمە کە مەسەلەی نامووس لە ڕۆژهەڵاتدا ئەو شێوە مامەڵەیەی لەگەڵ بکرێ.

*** وەک ئاشکرایە چەمکی نامووس لەوە فراوانترە تەنیا لە لایەنی ئەخلاقی ئافرەتان کورت بکرێتەوە، لە رووی زانستییەوە کۆمەڵە مانا و مەدلولێکی فراوان دەبەخشێ، وەک (ڕاستگۆیی و دەستپاکی و ڕێزگرتن و ... تاد) کەچی لای ئێمە شەڕەفی خێڵ و تەواوی بنەماڵە بە نامووسی ژنان بەستراوەتەوە، بەڕای ئێوە ئایین تا چەند دەست و کاریگەری، لە داچەقاندنی ئەو شێوە هزر و مامەڵەکردنە هەیە؟**

-سایکۆلۆژییەتی پیاوی ڕۆژهەڵاتی وا گۆشکراوە، هەردەم هەموو کردار و رەفتارەکانی ڕاست و تەواون و دوورن لە هەڵە، ئەوەی هەڵە دەکات تەنیا ژنانن، یان گەر پیاو هەڵەیەکیش بکات، ئەوا هۆکارەکەی ئافرەتە، سستەمی خێڵەکی لە ڕێگەی بە پیرۆزکردنی مەسەلەی نامووس زۆربەی عەیب و خراپی و شورەییەکانی دەشارێتەوە، زینا و دزی و بەڕەڵایی خۆی لە ناولینگی ژنان حەشارداوە لە کاتێکدا هەر پیاو ناشیرنکاری وێنەی ژنانە، چەند ناشیرن و ناڕەوایە هەموو خراپی و نەهامەتی و شورییەکان بەناولینگی ژنان گرێ بدرێت لە کاتێکدا تاوانەکانی نامووس بەشی هەرە زۆری لە ئەستۆی پیاوانە.

هەڵوێستی ئایینەکان لە هەمبەر ئەو پرسە ئاشکرایە، لە پێش هەمووشیانەوە ئایینی ئیسلام، ئیسلام هیچ کاتێک جیاکاری لە نێوان ژن و پیاودا نەکردووە، هەر یەکەیان بەشێک لە تاوانیان لە کرداری زیناکردندا دەکەوێتە ئەستۆ و هاوبەشن لە سزاداندا، سزایان وەک یەکە، ئیسلام نەیگوتووە، تاوانکار ئازاد بکەن و قوربانیش سزا بدەن.

ئایینی ئیسلام، ڕاستگۆیی و ڕێزگرتن و بەجێهێنانی ئەمانەت و پاراستنی نهێنی و ڕەوشت ... تاد. بە تێکەڵەی نامووس دادەنێ.

*** بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنە ئابووری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان، بەڕای تۆ تا چەند پێویستیمان بە شرۆڤە و پێناسەیەکی نوێی چەمکی نامووس هەیە؟ گەر وایە، ئێوە چ پێناسەیەک پێشنیار دەکەن؟**

- سەرەتا لەگەڵ دەستپێکی تەوژمی گلۆبالیزم هیوا و بۆچوونەکان وابوون کە

**سستەمی خێڵەکی لە ڕێگەی بە پیرۆزکردنی نامووسەوە، زۆربەی عەیب و شورەییەکانی دەشارێتەوە**



گۆڕانکارییەکان ئاسەواری ئیجابیان لەسەر تاك و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات دەبێ و دەکرێ خۆمان لە بەشێکی زۆری خراپی و عاداتە دوا کەوتووەکان ڕزگار بکەین و ئایدیۆلۆژیا و بیری نوێ کۆمەڵ بەرەو پێش ببەین، بەڵام بەداخەوە کاریگەرییە ئیجابییەکان بەو خێراییە نەبوون کە چاوەڕوان دەکران، بەڵکە گلۆبالیزم و تەکنەلۆژیای نوێ ئاریشە و نەهامەتی نوێی بۆ ژنانی ڕۆژهەڵات هێنا، بێگومان ئەمەش لە هۆشیاری و بێ ئاگایی تاکی ڕۆژهەڵاتییەوە سەرچاوە دەگرێ، بە هەرحاڵ بەبۆچوونی من ئێمە نەك ئێستا بەڵکو دەمێکە پێویستیان بە پێناسەکی نوێیە کە ڕێز بە ئافرەت ببەخشێ، وابکات خۆی سەردار و خاوەنی خۆی بێ، پێناسەیەك زوڵمی ڕابردووی لەسەر هەڵبگرێ و پێگەی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی بۆ بگەڕێنێتەوە، گەر توانیمان، ڕێگەیە بە ژنان بدەین خۆیان ڕۆشنبیر بکەن و ڕاو قسەی خۆیان هەبێ و قۆناخەکانی خوێندن تەواو بکەن ئەوکات مەسەلەی ناموس بەو شێوە توندەی ئێستا قورسایی نامێنێ و دەبێتە شتێکی بەدیهی، چونکە ئەمانە دەسەڵاتی خێڵ تەسك دەکەنەوە و هێزی لاواز دەکەن، ئەوکات شەرەفی من دەبێتە شەرەفی تۆ و بە پێچەوانەوەش.

بە پشت بەستن بە هەموو ئەو بۆچوونانە دەڵێم، شەرەف لای من شەرەفی وشە، و مەبدەئ و ویژدانە.

*** گەر بێیتە سەر کۆمەڵگەی کوردی کە بە بەشێك لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان هەژمار دەکرێ، دەبینین سەرباری پاشخانە خێڵەکی و کۆمەڵایەتییەکان، تاکی کوردی وا بەستەبوون بە خاك و پارێزگاریکردن لە نیشتمانی بە بەشێك لەشەرەف دادەنێ، ئێوە چ تێبینیەکتان هەیە؟**

- پێموایە پیاوی کوردی هیچی لە پیاوی عەرەبی کەمتر نییە لەو جۆرە مەسەلانە، کلتووری کۆمەڵایەتی و ئایینی ئەو نەتەوە هاوسێیانە زۆر لێك چوو و کاریگەرە بە یەکتری، کۆمەڵگەی کوردی پارێزگاری کردن لە ناموس بە خاڵێکی چەسپاو و گرنگ هەژمار دەکات، وەك بیستوومە لای کوردانیش تاوانەکانی کرینەوەی ناموس بڵاوە، بەڵام جوان و سەرنجڕاکێشە کە پارێزگاریکردن لە خاك لای تاکی کوردی بۆتە بەشێك لە شەرەف.

*** ئەو ئاسەوارە خراپانە چین کە دیاردەی کرینەوەی و ناموس لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بەتایبەتی جێدەهێڵێ؟**

- خراپییەکانی زۆرن، ژنان لە سێگۆشەیەکی تەسك گەمارۆ دەدات، وادەکات کۆمەڵگە لەو دیوی مێژووەوە بێ ئاگا لە ژیانی مەدەنیانە و پێشکەوتوو بژیەت، ئەمە سەرباری خراپییە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکەی ئەو مەسەلەیە.

*** کەواتە چارەسەر و ئالییەتی کردنەوەی گرێ کۆرەکە چۆن دەستنیشان دەکەن؟**

- پێویستە سێ ڕێگە چارە بگرینەبەر"

یەکەم: کردنەوەی خول و پەیمانگای تایبەت بە هۆشیار کردنەوەی ئافرەتان و دەرهێنانیان لە دیوارەکانی ماڵ و کارکردن لەسەر کەسایەتی ئەو ئافرەتانەی بوونەتە قوربانی.

دووەم: ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هۆشیاری فراوان لە ڕێگەی میدیاوە کە دەروون و عەقڵی پیاوان بکاتە مەبەست.

سێهەم: هەمووارکردنی یاساکان و داڕشتنی یاسای نوێ و سزادانی پیاوانی تاوانکار لە هەر پلە و پایەیەك دابن.

**پێویستە شەرەف، شەرەفی وشە و مەبدەئ و ویژدان بێ**

